# ئەو کوڕەوخرایە

**ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی**

لەبەر تیشکی گلۆپەداو لە دووری چەند هەنگاوێکەوە ئارەقەی نێوچەوانی دەبریقایەوە، نزیک بە نزیکیشەوە چەند دڵۆپێك ئارەقە بەپێچوانی دەبینرا، دەتوت رووی ئامانێکەو خوناوی لەسەر کەوتی‌یە، ئارەقە بە پشت هەردوو برۆکانی‌یەوە بە نیمچە لۆفەیێك ریچکەی بۆ خوارەوەکردبوو .

دانیشت .. رەنگی هەڵبزرکابوو، پشی سواربوو.. چاوێکی لەخەڵکەکەدا گێڕا .. بە پەنجە کەڵەی دڵۆپە ئارەقەکانی ئەم لاو ئەو لای نێوچەوانی وردو خاش کرد، رووی لە یەکێکیان کردو وتی :

- ئەرێ فلان دیارنی‌یە .

- بەئیشێکی سەر پێی رۆیشتووە ئێستا دەگەڕێتەوە .

- تەلەفۆنم بۆ کرد ... مەبەستم ئەوەیە تەلەفۆنی بۆ کردووم .. دەربارەی .. ژ ...؛ .

نێوچەوانە نمچە تەڕاوی‌یەکەی بە دەستەسڕ وشك کردەوە .

- نازانم چ ئیشی هەیە .

ئەمەی وتو نقوومی ناوەخۆی بوو :

« - تۆبڵێی ئەوەی لە تەلەفۆنەکەدا وتی راست بێ !؟ خۆ ئەگەر وابێ خوا ڕۆژی تەواو تەکردبێ تەواوی دەکەم .. بەڵام زۆر سەیرە من لەگەڵ خۆمرا بردمو دواییش تا نزیك ماڵەوە رەتم کردەوە .. یانی چی .. ! تۆ بڵێی .. نا .. نا شتی وا نەبووەو نابێ .. ها .. بۆ .. نا .

2— کە دیقەتی دایەوە خەڵکەکە سەیری یەکتریان دەکرد دڵی داخرپا :

« - بڵێی ئەمانەش شتێکیان بیستبێ .. ئەم سەیرکردنەیان لەچی‌یە ! دوور نی‌یە بەمانەشی نەوتبێ .

دیسان رووی دەمی کردەوە ئەوەکەی تەنیشتی‌وتی :

- دەبێ زۆر دوا بکەوێ ؟ باشە کەڕوویی هیچی نەوت چ قسەیێکی بۆ جێ نەهێشتم .

- نەخێر .

بێ دەنگ بوەوە، درەچاوێکی ئەم و ئەوی کرد .. خۆی وا

نیشاندا که ئاگای لەمان نەماوە .. کەچی هەمووکیانیشی کردبووە گوێچکە بۆ بیستنی چرپەیەك . تا مێشکی وەکو ئامێری بروسکە وەرگرتن کەوتە جووڵەو قسەیێکی ژنەکەی لە مێشکیدا زرنگایەوە .

« پیاوێژگە .. دەزانی خەڵك بەخراپە ناومان دێنن .. بەخراپە .. ناومان .. وێنن .. ناو .. دێ .. نن .

دەتوت گومانی لەوە بوو کە زرنگانەوەی وشەکان گەیشتۆتە دەورووپشتی بۆیە سەیرێکی کردنەوە . دیسان لەگەڵ خۆیدا نقووم بووەوە :

« ـ ها .. خۆمن ئەو رۆژە ئەم قسەیەم بەهەند هەڵ نەگرت .. تۆ بڵێی تەلەفۆنەکە لەگەڵ ئەم قسەیەدا لە شوێنێك تێك نەکەنەوە . بەلام ناچێتە ئەقڵەوە کەلەم قسانەیدا مەبەستی خۆی بووبێ .. باشە ، ژنێ قسەی لێ بوەشێتەوە خۆشی هەستێ قسەکان بەمێردی بگەیەنێ ..! ناچێتە ئەقڵەوە .. بەلام ئەم ماستە بێ موو نی‌یە .

لەم تێکەو لێکەیەدا بوو فلانەکەکاتەوەو لەتەکی‌یەوە دانیشت .

« ـ بڵێی هەر بۆ ئەم قسەیە نەچوو بێتە دەرەوە .
ـ ئەرێ .. فلانی نازانم لە تەلەفۆنەکەدا مەبەستت چی‌بوو ؟! فلان هەڵسا ، ئەمیش بەدوایەوە .. دوورکەوتنەوە .. ئینجا پێی وت :
ـ واللە .. حەز ناکەم خەڵك بەخراپە ناوت بێنن .
ـ ها ! .

هەمیسان قسەی ژنەکەی لە مێشکیدا زرنگایەوە :
« ـ پیاوێژگە خەڵك بەخراپە ناومان دێنن .
ـ وتت خراپە ؟!.
ـ ئا .. بەڵێ .
ـ چۆن ..!؟ خراپەی چی ؟
ـ کاکە ئادەم هەر خەڵەتاوە .
ـ تێ ناگەم .
ـ ژن هەیە پیاوێ دەگەیەنێ‌و ژنیش هەیە پیاو دەڕوخێنی .

ـ ژن ..! کام ژنە ؟
ـ ئەوەی نزیکی کوورە بێت پرۆشکی بۆ دەچێت .
ژن .. خراپە .. کورە ، بووە حەزورە تێی ناگەم .

ـ چاك بزانە ئەگەر خۆشم نەویستبای پێم نەدەوتی .. حەزیش ناکەم خەڵك ناوتان بێنن .
ددانەکانی قرساند .. ئێسکی پەنا گوێی کەوتە جووڵە .. خوێن هورژمی بۆ دەم‌و چاوی برد ، رەنگی دەم‌و چاوی بەچەند رەنگێك گۆڕا .. بەری چاوی لێڵ بوو .. بە توورەیێکەوە وتی :

ـ پێم نالێی چیت لە ژنەکەم دیوە ..؟!! پێم نالێی ؟
استغفراللە .. استغفراللە .. کێ ناوی ژنی تۆی هێناوە ..! کێ باسی کردوو ..
ـ ئەی تەلەفۆنەکەی بەیانی ؟
ـ بوتێ ناگەی من لە تەلەفۆنەکەدا چیم وت ، ماڵەکەی تەنیشتتان .
ـ ئیە ..!
ـ ئەوەی تۆ خانووەکەت بۆ دۆزینەوەو هێناتە تەنیشت ماڵەکەتەوە.. ژنەکەی سووکە .. خەڵك هام‌و شۆیان دەکەن . باسیان دەکەن پرۆشك ئێوە دەگرێتەوە ، بیستوومە خۆت‌و ژنەکەت چوونەتە ماڵیان .

ـ ئا .. ئا .. ئمممم .. ئێستا تێ‌گەیشتم .
ماسولکەکانی خاوبوونەوە .. شۆڕشی دەروونی وامرکا یەوە .
یەك دوو هەناسەی خۆنەکرد لە دەروونیدا دەرپەڕی‌یە دەرەوە ، بێ دەنگ بووەوە .
11— پیاوێژگە خەڵك بەخراپە ناومان دێنن .

ـ تێ‌گەیشتم .
رووی لە کابرا کردەوەو وتی :
ـ دەزانی بەم شتەم نەزانیوە .. شەو دێمەو شەو دێمەوە .. فلانی ماڵت ئاوا منخراپی بۆ چووبووم ، هەر باش بوو .. ئەگینا ... .